# چۆن منداڵەکەت بۆ ساڵی نوێی خوێندن ئامادە دەکەیت؟

دەرگای قوتابخانەکان دەکرێتەوەو دووبارە قوتابییەکان دوای پشووی هاوینەوە دەچنەوە ژوورەکانی پۆل تا درێژە بە خوێندنیان بدەن، بەڵام ئەو ماوەی رابردوو کە چەند مانگێکە کەشێکی تەمبەڵی و خەو و پشوودانی بە منداڵەکەت بەخشیوە، رەنگە چوونی بۆ قوتابخانە ببێتە ئەرکێکی قورس بۆی، بەتایبەتی سرووشتی قوتابیان وایە کە لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانە زەحمەتی تێدایە تا لەگەڵ کەشی قوتابخانەو دەوام رادێننەوە. دایکانیش خەمی ئەوەیانە کە چۆن منداڵەکانیان دووبارە بچنەوە بەر خوێندن و بەتایبەت ئەوانەی لە قوناغی سەرەتاییدا دەخوێنن، رەنگە سەرەتای هەوڵدانت بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە ئەستەم بێت، بەڵام چەند رۆژێکە و تا منداڵەکەت دەچێتەوە قوتابخانە، کەشێکی تازەی بۆ دروست دەبێت، ئەو کاتە کارەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی خۆی، تەنیا ئەوە نەبێت کە کەرەستە و پێداویستیی بۆی دابین بکەیت، هەروەها ئامۆژگاریشی بکەیت کە خوێندن بەو شتانەی دەگەیەنێت کە خۆی حەزی پێ دەکات. هەوڵبدە لە رۆژانی سەرەتای دەوامیدا، لە کاتی گەڕانەوەدا خواردنی خۆش بکەیت و ئەگەر کرا گوڵ و دیاریشی بۆ ئامادە بکەیت، تا هەست بکات کە قوتابخانە لای دایك و باوکی گرنگە. هەردەم وابکە کە جلەکانی بۆ قوتابخانە پاك و رێك بن، تا منداڵەکەت هەست بکات قوتابخانە شوێنی خۆشی و پاکی و فێربوونە، لە کاتی گەڕانەوەشدا لێی بپرسە: چیتان کرد و چیت خوێند ئەوڕۆ، یان کەس نییە بێزارت بکات و چ شتێکی قوتابخانەت بە دڵە و رقیشت لە کامەی دەبێتەوە؟ بەم چەشنە لە دروونی منداڵەکەت تێدەگەیت، ئاخۆ چوونی بۆ قوتابخانە چۆنە و چییە، هەوڵبدە بەر لە چوونیان بۆ قوتابخانە، خواردن و کەرەستەی خۆشیان بۆ ئامادە بکەیت، وەك پاداشتێك بۆ چوونە قوتابخانەیان.



## رێگاکانی نەهێشتنی قەرەبـ



# مۆدەی کراسەکانی ڕۆژی مارەبڕینی کچان



لە سەروبەندی مارەییدا زۆربەی کچان خەمی ئەوەیانە کە چ کراسێك بۆ ڕۆژی نیشان و مارەیی هەڵبژێرن، ڕەنگە کراسێك هەڵبژێرن کە لەو ڕۆژەدا لەگەڵ کەشی ئاهەنگەکەدا نەگونجێت، یان شپرزەیی بە جەستەی خانمەکە ببەخشێت. بۆیە پسپۆڕانی جلوبەرگ، چەندین نموونەی جلەکان ئامادە دەکەن، تا هەنگاوێکی ئاسانکاری بێت بۆ هەڵبژاردنی جلی بووکان. کراسی نیشان و مارەیی، دەبێت لە جوانترین دیمەن و شێوازدا بێت، چونکە ڕۆژێکی تاکە و هەموو جارێك دووبارە نابێتەوە، تۆی بووکە خانیش تا دەتوانی ئەو کراسە جوانە هەڵبژێرە، کە جوانترت دەکات، براندەکانی جیهانیش لە پێشبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی جوانترین کراسەکانی ڕۆژی مارەیی، لەوانە: زوهێر موراد، ئێللی سەعب، زیاد ناکید، فیندی و میدی و داستی ڕۆس. بەڵام هەموو ئەوانە لەسەر شێوازەکانی جلی مارەیی ناکۆکن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوە ستانداردەکەیان پاراستووە و تەنیا گۆڕانکاری خۆیانی تیایدا دەکەن. دوا مۆدەکانی ئەو جلە بووکانە بریتییە لە: جلی نەرم، کە لەسەر کەمەرەوە گەورە و کراوە ببێتەوە، بە دووگمە و بەشی پێشەوەی بە مۆروو و مەرجان و ئێکسسوارەکان بڕازێندرێتەوە، هەروەها لە قوماشی نەرم بێت و ئەگەر بە دەست ئامادەکرابێت، زیاتر ناوازەتر دەبێت. هەڵبژاردنی شێوەی قەبارەی کراسەکان بەپێی خواستی کەسەکانە، هەندێك حەز بە کراسی بەدی و تەسك دەکەن، هەندێکی دیکەش بە کراسی کراوە و فراوانیان گرتووە، لەبارەی ڕەنگەکەوە دیزاینەران بەشدار نابن لەو هەڵبژاردنە، بەڵکو بۆ خواست و حەزی خانمانیان هێشتۆتەوە کە چ ڕەنگێك بۆ کراسەکەیان لە ڕۆژی مارەیی هەڵدەبژێرن.

## ــــــاڵغی لە دیکۆری ماڵەکەت



زۆربەی ئافرەتان بەهیوای تازەکردنەوە و چاککردنی دیکۆری ماڵەکانیانن، ڕەنگە هەنگاوێکی قورس بێت، بەڵام ڕێگاکانی ڕێکخستن و جوانکردنی دیکۆر زۆرن، تۆی خانمیش دەتوانی لە ڕێگەی ئەو هەنگاوانەوە بەسەر قەرەباڵغی و ناڕێکیی دیکۆری ماڵەکەتدا زاڵ بیت و دیمەنێکی تازە دروست بکەیت. پسپۆڕی دیکۆری ماڵ (سەمیرە کیلانی) دەربارەی جوانکردنی دیکۆری ماڵ دەڵێ: سەرەتا لە کەرەستە گەورەکان دەست پێ بکە، بەتایبەت ئەوانەی نێوانیان هەیە، باشترە نێوانەکانیان پڕ نەبێتەوە، چونکە پڕکردنەوەیان دیکۆرێکی قەرەباڵغت بۆ دروست دەکات. کەرەستە کۆنەکان کە پێتوایە بە نرخن، وا باشترە شوێنی گرنگ نەگرێت و بەڵکو لە ژووری و شوێنی هەڵگرتنیان دابنێیت. کاتێك کەرەستەیەکی تازە دەکرێت، هەوڵبدە کەرەستە کۆنەکە بفرۆشیتەوە، یان پێشکەشی کەسێکی دیکەی بکەیت. ئەو جلانەی بەکاریان ناهێنیت، چاکترە فڕێیان بدەیت، سەیری دیکۆری ماڵەکەت بکە، ئەگەر زانیت کەرەستەیەك زیان بە دیکۆرەکەت دەدات، لەو شوێنەی لابدە. هەندێ کەرەستەی بەکارهێنانی درێژخایەن هەن، وەك مایکرۆ، ئوتوو، گسکی کارەبا، کەرەستەکانی پاککردنەوە، نابێت بەردەوام لەبەر چاوان بن، بەڵکو شوێنی دیکەیان بۆ بکەوە و لە کاتی کارکردن بەکاریان بهێنە.



# بچووکترین بەرگدرووی بەرهەمدار

ئەوانەی خاوەن بەهرەن لە کارێکدا، لە ناکاوێك دەست بە بەرهەمهێنان و داهێنان دەکەن، ئەوەی ئەو کچە ئەمریکییە دەیکات، کەسی ئاسایی بۆی ناکرێت، (ئەنجیلا کلایتۆن)، کە تەمەنی (١٨) ساڵە، لە بواری بەرگدروودا لێهاتووە، هەر جلێکی بکەوێتە بەرچاو لە ماوەیەکی کەمدا ئامادەی دەکات، تا ئێستا چەندین نمایشی جلی کردۆتەوە، سەرەتای دەرخستنی بەهرەکەی لە تەمەنی (٣) ساڵیدا بووە، لەو تەمەن بچووکەوە دەستی داوەتەوە داو و دەرزی، تا کەرەستەی بچووکی چێ کردووە، ئێستا زۆربەی جلی کارتۆنییەکان دەدوورێت و بۆ نمایشەکانی ئامادەی دەکات، هەندێ دەستکاری ئەو کارانە دەکات، ئێستا ئەوانەی بە کارەکانی دەزانن، هەمیشە داوای جلی تایبەتی بۆ بۆنە و یادەکانی لێدەکەن، ئەویش بەرامبەر بڕە پارەیەك بۆیان ئامادە دەکات و کاری بەرگدرووی بۆ دەکات، دواجار کراسێکی بووکی بە (٨) هەزار دۆلار فرۆشتووە.

# دیکۆری بۆنە و یادەک

دیکۆری بۆنە و یادەکان بۆتە مۆدێکی باو، کە لە زۆربەی بۆنە و یادی ئاهەنگ و شوێنی زەماوەند و یادی لەدایکبوون و کردنەوەی شوێنە گشتی و تایبەتەکان دادەنرێن، بەڵام لە کاتی زەماوەندەکان زۆربەی ئەو دیکۆرانە لەلایەن بووك و زاوا، یان کەسوکاری بووك و زاوا داوا دەکرێن، تا شوێنی ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەیان جوان و ڕازاوە بێت، یەکێك لەو خانمە دەستڕەنگینانەی کە لە بواری دیکۆردا جێ پەنجەی دیارە، ڕەین دڵزار خانمە دیزاینەری گوڵ و دیکۆرە کە تەمەنی (١٨) ساڵە و هەر لە منداڵییەوە خولیا و حەزی بۆ ئەو بوارە هەبووە، خۆیشی بەمجۆرە باسی ئەو خولیایەی دەکات: «جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم دانیشتبووم، باسی ئەوەم کرد، کە بیرۆکەیەکی وام هەیە کاری دیزاین بکەم، دواتر لە



# جوانترین دار و باری جیهان





دار و بارەکان لە جیهان هێندە زۆرن کە لە ژمارە نایەن، هەر یەکە شێوەو ڕەنگێکە، هەر یەکێکیان جۆرە بەروبوومێك دەهێنێتە کایەوە، جوانیی هەندێکیان مرۆڤ سەرمەست دەکات، کە بەشێکیان ژینگەیان جوان و ڕازاوە کردووە، لێرەدا جوانترین دار و بارەکان بەپێی پۆلینی ڕاپۆرتێکی ناشیوناڵ جیوگرافیك دەخەینەڕو. لە پلەی یەکەمدا، داری (وەستاریە)یە، کە زیاتر لە (٥٠) ساڵ دەژی، ڕەنگەکانی سپی و قەنەفلی و شینن و بۆنێکی خۆشیشیان هەیە، لە پلەی دووەمدا داری بونسیانا دێت، کە گەڵاکانی وەك کەلەم وایە، ڕەنگی پەمەیی و سوورە، پلەی سێیەم بۆ داری (کالبتۆس)ە کە تا (٧٠) مەتر بەرز دەبێتەوە، بە داری پەلکەزێڕینە ناسراوە، لە ڕەنگەکانی شین و وەنەوشەیی و پرتەقاڵییە، داری تەبلید لە پلەی چوارم دێت کە تا (١٥) مەتر بەرز دەبێت، لە شێوەی بازنەیی گەورە دەبێت. پلەی پێنجەم بۆ داری (ردندرە)یە، کە بچووکە و لە ڕەنگی وەنەوشەییە، هەروەها ڕەنگەکانی سەوز و زەردی بچووکیش لە نێو گەڵاکانیدا بەدی دەکرێت. دواهەمین جوانترین دار بریتییە لە داری (خوێنی مل)، کە وەك خوێنی مرۆڤ سوورە و شێوەی لە ملی مرۆڤ دەچێت.

## ـــــــان لە کوردستان باوە

ماڵەوەش باسم کرد و پێیان سەیر بوو، ئێستاش لەگەڵ کەسێکی دیکە کە هاوڕێمە و ناوی ڕۆشنایە بەیەکەوە کارەکان دەکەین. زۆربەی کارەکان بیرۆکەی خۆمە، هەندێ جار وێنە و دیکۆری دیکەمان نیشان دەدەن و پێمان دەڵێن لەو دیکۆرەمان دەوێت. تا ئێستا گرانترین دیکۆر کە سازکردووە، بە بڕی (٣٠٠٠) دۆلار بووە، کە دیزاین و نانخواردن و گرووپی میوزیک لەخۆ دەگرێت. گوڵ و گوڵدان زیاتر لە بۆنە و یادەکاندا داواکارییان لەسەرە، بەڵام ئەوەی زیاتر خەڵك پێوەی بەندە و گرنگی پێدەدەن، دیکۆری شوێنی بووك و زاوا و ڕێگای ڕۆیشتنیانە بۆ سەر ستێجی دانیشتن. جێگەی دڵخۆشیم دەبێت کاتێك خەڵکێکی زۆر دەستخۆشی و سوپاسم دەکەن، کە دیکۆرێکی وایان بۆ دادەنێین، من و تیمەکەم لەو کارە بەردەوام دەبین.»







# پەیکەری پیاوی ئاسنین

زنجیرە درامای پیاوی ئاسنین جاران و فیلمەکانی ئایرۆن مانی ئێستا، باس لەو پیاوە ئاسنینە دەکەن کە هەمیشە داکۆکی لە ڕاست و خەڵکی بێتاوان دەکات، هیندستانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دەیەوێ پیاوی ئاسنین لە وڵاتەکەیدا هەبێت، دواجار گەورەترین پەیکەر لەسەر ئاستی جیهانی بنیاد ناوە، ئەو پەیکەرە دەکەوێتە دووری نزیکی (٢٥٠) کیلۆمەتر لە پایتەختی ویلایەتی (گوجارات)، کە لە ساڵی (٢٠١٣)وە کاری تیایدا دەکرێت و لە ئێستادا کۆتایی قۆناغەکانیەتی، پەیکەرەکە (١٨٢) مەتر بەرز دەبێت، بڕی (٤٣٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە، کەسایەتی ئەو پەیکەرە بریتییە لە کەسێکی ناوداری ئەو وڵاتە کە ناوی (ساردار فالابای باتل) بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی وڵاتی هیندستان، وابڕیارە ئەو پەیکەرە لە پەیکەری بودای چین بەرزتر بێت، هەروەها بەرزتریش دەبێت لە پەیکەری ئازادی وڵاتی ئەمریکا، ئەو پیاوە بە پیاوی ئاسنین ناسراوە، چونکە داکۆکی لە مافی هیندستانییەکان کردووە هەروەها دژایەتی داگیرکردنی وڵاتەکەی کردووە کە لەلایەن بەریتانیاییەکان داگیرکرابوو.



## پەند و وتە

ماری ئولیڤەر، میوزیکژەنی بە ناوبانگی کەمانچەی ئەمریکی، لە ساڵی (١٩٣٥) لە ویلایەتی ئۆهایۆ لەدایکبووە، دەربارەی خۆشی لە ژیاندا دەڵێ: ئەگەر لە ناکاو و بەبێ هیچ هۆکارێك هەستت بە خۆشی کرد، دوودڵ مەبە لەو هەستە و بە فیڕۆشی مەدە، چێژ لە خۆشییەکە ببینە، چونکە ڕەنگە جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە.

## شاجوانی منداڵان




ئاڤایا، ئەو منداڵە جوان و ناسکەیە، کە ئێستا بۆتە مارکەیەکی جیهانی بۆ ریکلام و کاڵای کۆمپانیاکانی جیهان، کە تەمەنی تەنیا (١٨) مانگە، بەهۆی ئەو جوانییەی هەیەتی، هەمووانی سەرقاڵی چاوە گەشەکانی کردووە، ئەو کچە ناوی تەواوی (ئاڤایا هیۆگۆ)یە و لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە، دایکی ئەو منداڵە چەندین وێنەی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستاش نزیکەی (٦) ملیۆن هەواداری لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکاندا هەیە، هەر بۆیە بۆتە جێگەی ریکلامی زۆربەی کۆمپانیاکان، ئەوەی سەیرە ئەو منداڵە کاتێك دەکەوێتە بەردەم کامێراکانی وێنەگرتن، بە زەردەخەنەیەکی جوان و چاوە گەشەکانیەوە خۆی نیشان دەدات.




کچ و کوڕێك خۆشەویست دەبن و دەچنە پیاسە، کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ: شتێکم پێی بڵێ، دڵم خێرا لێبدات و ناخم بهەژێنێت؟ کوڕەکەش دەڵێ: باوکم لە دوامانە!

## فیلێکی هەڵاتوو و وێنەی یادگاری

چی دەبێت ئەگەر لەناو شەقامێکی گشتیدا فیلێکی سەرشێت بە نێو خەڵك بکەوێت، کەسێك نابێت لەبەردەمی بوەستێت و ڕایبگرێت، ئەوە بووە بەسەرهاتی ئەو فیلەی کە لە وڵاتی ئەڵمانیادا لە شوێنی مانەوەی خۆی ڕایکردووە و بەنێو خەڵك وەربووە، ئەو فیلە بە (کینیا) دەناسرێت، لە باخچەیەکی ئاژەڵان لە شاری نیوڤیدی ویلایەتی راینلیند بالاتینات لە خۆرئاوای وڵاتی ئەڵمانیادا بەربووە و بۆ ماوەی (٢) کیلۆمەتر بەنێو خەڵك و شوێنی گشتیدا تێپەڕیوە، تا ئەوکاتەی پۆلیسی ئاژەڵان و دارستان ئاگادار دەکرێتەوە و فیلەکە دەگەڕێننەوە شوێنی خۆی، ئەوەی سەیرە خەڵکی ناوچەکە هەر یەکە وێنەی سێلفی و یادگاری لەگەڵ فیلی هەڵهاتوو دەگرت، کە ببووە ڕۆژێکی خۆش و بەجۆش بۆ خەڵکی ناوچەکە و فیلە بەڕەڵایەکە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

با هەنگاوەکانت سادە سەرەتایی نەبن، کۆمەڵێك کارت کردوون و بەجێت هێشتوون، واچاکە ئێستا کاریان لەسەر بکەیتەوە و بەردەوامییان پێ بدەیت، هەستی شاراوەت بۆ کەسی خۆشەویستت دەربخە، چونکە ئەویش پێویستی بە تۆیە کە هەستەکانتی بۆ نیشان بدەیت، لەم کارەی ئێستاتدا بەردەوام بە و سەرکەوتوو دەبیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەر کارێك دەکەیت، پێشبینیی لایەنی بوون و نەبوونی لە ئەنجامەکانیدا بۆ بکە، چونکە هەندێ جار تووشی دڵتەنگی دەبیتەوە لە ئەنجامەکانیان، هەموو شتێك لە ژیاندا بە دڵی تۆ نابێت و دەبێ قبووڵی بکەیت، کەسایەتیت لای هەمووان خۆشەویستە و کەسێکی نزیکت لە زۆر بواردا چاکەی بۆت کردووە، تۆش چاوت لێ بێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویست ناکات لەسەر شتێکی بچووك ئەوەندە کەسێك فەرامۆش بکەیت، هەوڵبدە خۆت ئاشتی بکەیتەوە، ئەو کێشانەی ئێستات کاتییە و کۆتاییان پێ دێت، شێوازی ڕەفتارت گونجاوە لەگەڵ کارەکانت، نابێ قسەی خۆت بەسەر کەسانی دیکەدا زاڵ بکەیت و هەوڵبدە بروایان پێی بهێنیت، لە ڕووی هەستەوە کەسێکی دڵگەورەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

مەهێڵە بەهۆی گرفتێکی بچووکەوە کارەکانت لێ تێك بچێت، کە کارێکت دەست پێکرد، بەردەوام بە لەسەری، هەستی کەسێك بۆ تۆ گرنگە و لە نیازی ئەو کەسەش تێبگە کە بە بەردەوامی لێت نزیکە، ئامادە بە بۆ هەر ئەگەرێکی کێشە لەم ماوەیەدا، کەسێکی کاریگەری لەسەر کەسانی دەوروبەرت و متمانەت بە خۆت بێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسێکی نزیکت ماوەیەکە گرفتی هەیە و چارەسەریش لەلای تۆیە، ڕەنگە ئەو نەیەوێت داوای چارەسەریت لێت بکات، خۆت دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکە، چونکە پێویستی بە تۆیە، هەنگاوەکانت فەرامۆش کردووە و ئەوەندە گرنگییان پێ نادەیت، شێوازی ڕەفتارت لەگەڵ کەسانی خێزانت بگۆڕە و نەرمتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


هەوڵبدە هەمیشە کەسێکی دڵت گەورە بێت و لە هەڵەی کەسانی دیکەوە خۆش بیت، ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە و بڵێت بۆ قوربانییەکە من بیدەم، بەڵام ئەو بەخشندەییەت لە داهاتوودا بۆت دەردەکەوێ، دڵتەنگی و بێزاری بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، هەوڵەکانت با بەردەوام بن و بەرەو کاتێکی خۆشی ڕێگە دەگریت.

# جیاوازیی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە !








## كاریكاتێر


ئەم كاریكاتێرە باس لە هەندێ كەس دەكات، كە بە لێشاو پارە و سامان دەخۆن، كەچی تێریش نابن، تەنانەت هەست بە كەسانی دیكەش ناكەن، كە تەنیا پێویستیان بە هەندێك لەو سەروەتە هەیەتی، تەنیا زگ و حەزی خۆیان دەناسن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین نەخش و پیتی بچووك هەن، هەوڵبدە لە ماوەی (١٥) چركەدا پیتی (T)ی ئینگلیزی بدۆزیتەوە.






**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

شایستەكردنت لەلایەن ئەوانەی دەوروبەرت كارێكی گرنگە بۆت، بیركردنەوەت بۆ ژیان گەشبینانەیە و لە هەوڵی كارێكدا سەرناكەویت و خۆتی پێوە سەغڵەت مەكە، لە پەیوەندییەكانت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت كارێكی باش دەكەیت و دڵنیابە ئەو كەسەی لە دڵتە زیاتر لێت نزیك دەبێتەوە و لە پێشوو باشتر دەبن.



**دووپشك** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە بواری هەست و سۆزەوە بەهێزی، بەڵام كەسی بەرامبەرت ناتوانێت لە گەورەیی هەستەكانت تێبگات و هەوڵیش مەدە كەسێك بە زۆری بهێنیتە سەر هەستی خۆت، ڕێگەی بدە خۆی بەرەو لای تۆ هەنگاو بنێت، هەر بڕیارێك لەم ماوەیە پێویستی بە بیركردنەوەی قووڵە، چونكە لە ساتەوەختێكی گرنگدا هەنگاو دەنێت.



**كەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر نیازت وایە لەگەڵ كەسێكدا زیاتر ئاشنا بیت، پێویستە خۆت لەگەڵی بگونجێنیت، چونكە بە هەبوونی ناكۆكی و كێشە لە نێوانتان ناگەن بە هیچ ئەنجامێك، كارێكی چاكت بۆ كەسێك كرد و دڵنیابە كە چاكەت بۆت دەگەڕێنێتەوە، بڕیاری خۆت با لەلایەن خۆتەوە بێت و كەسی دیكەی پێویست ناكات خۆی بە خاوەنی بزانێت .



**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێ جار بە هۆی گرفتێكەوە بۆ ماوەیەكی زۆر دڵگران و بێتاقەت دەبیت، پێویست بەو ڕەشبینییە ناكات، ئەگەر لە كارێكدا سەركەوتوو نەبوویت، لە هەوڵێكی دیكەدا سەركەوتوو دەبیت، هەستەكانت جوان و ناسكن و كەسێكیش دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە و تۆش ڕێگەی بدە، تا لە ڕاز و نیازی دەگەیت.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

كەسێكی كارامە و سەركەوتووی لە كارەكانت، بەڵام لە لایەنی سۆزدارییەوە هەمیشە كێشەو گرفتت هەیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە كە گرنگیی زۆر بە كەسی بەرامبەرت دەدەیت و بەردەوام نیگەرانی ئەوی، واچاكە وا لەو كەسە بكەیت، ئەو هەوڵت بۆت بدات، بیر لە داهاتووت بكەوە و ڕابردووش فەرامۆش بكە.



**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو كێشانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە كاتییە و بەردەوامیت لە كارەكانت دەبێتە هۆكارێك بۆ سەركەوتنت، ئامادەی هەر ئەگەرێكی لەناكاو بە لەگەڵ ئەو كەسەدا كە نایناسی، چونكە دەیەوێ كێشەت بۆت دروست بكات، بەڵام هەوڵەكانی سەرناگرێت، كەسایەتیت جوانە و لە ڕەفتارەكانیشت سەركەوتووتر دەبیت.